# پاراستنی موسڵمان
# لە
# سیحر و جادوگەران

---

ئامادە کردنی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

١٤٤١ - ٢٠٢٠

---


لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

**پێشەکی :**

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ [آل عمران].

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا ﴿١﴾﴾ [سورة النساء] .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَـٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

یەکێك لەو دەردانەی کە ئەمڕۆ لە ناو کۆمەڵگە بەربڵاوە و مێژویەکی دور و درێژی هەیە، بریتیە لە: «سیحر». بەڕاستی خەڵێکی زۆر دەناڵێنی بەهۆی سیحر و جادوکردنەوە ، خەڵێکی زۆر لە خێزانی جیابوەتەوە ،جا لەم نامیلکەیەدا بە کورتی باسی حوکمی چونە لای ساحیر و نیشانەکانی ناسینەوەی ساحیر و نیشانەکانی کەسی سیحر لێکراو لەگەڵ چارەسەر و بەتاڵ کردنەوەی سیحر کراوە ، داواکارین لە خوای گەورە هەموو لایەکانمان بپارێزێ لە شەڕ و خراپەی ساحیر و جادووگەرەکان .

## حوكمی ڕۆریشتن بۆ لای ساحر و جادووگەر

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ليس منا من سحر أو سحر له، أو تكهن أو تكهن له، أو تطير أو تطير له)) [1]

واتە: ئەو كەسە لە ئێمە نی یە كەوا سیحر دەكات یان بۆی دەكەن، یان فاڵچیەتی دەكات یان بۆی دەكەن، یان بەخت دەگرێتەوە یان بۆی دەگرنەوە.

وە هەروەها فەرموویەتی: ((مَنْ أتى عَرَّافاً فسألَهُ عن شيءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صلاة أربعين يوماً)) [2]

واتە: هەركەسێك بچێتە لای فاڵچیەك و پرسیاری شتێكی لێبكات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت.

وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ أتى كاهِناً فصَدَّقَهُ بِما يقولُ فَقَدْ كَفَرَ بِما أُنْزِلَ على محمد ﷺ)) [3]

واتە: هەركەسێك بچێتە لای فاڵچیەك و باوەڕی پێ بكات لەو قسانەی كە دەیكات ئەوا بە تأكیدی كوفری كردووە بەو قورئانەی كە دابەزیوە بۆ سەر محمد (ﷺ).

---

[1] [سلسلة الأحاديث الصحيحة (٢٦٥٠)]

[2] [صحيح مسلم]

[3] [صحيح سنن الترمذي رقم: (١٣٥) وصحيح سنن ابن ماجه رقم: (٦٣٩)] .

## نیشانەکانی ناسینەوەی کەسی ساحـیـر

ئەمانە کۆمەڵێك نیشانەن، لە هەر کەسێکدا بینرا ئەوا بێگومان ساحیرە :

١. پرسیاری ناوی نەخۆشەکە وناوی دایکی دەکات.

٢. داوای شتێک دەکات هی ئەو کەسەی کە سیحری لێ دەکات یان سیحری بۆ دەکات ، بۆ نمونە: داوای (فانیلە، سەرپۆش)

٣. هەندێکجار داوای ئاژەڵێك یان باڵندەیەك دەکات بۆی سەرببڕن .

٤. نوسینی تەلاسیم و ڕەمز وژمارە ونوسینی وشە بە پیت پیت، ئەمانەتان لەهەر کەسێك بینی ئەوا بزانن ساحیر ودەججالە .

٥. تێکەڵی وپێکەڵی کردن لە نوسینەوەی قورئان، ئەمەش لەناو ئەو نوشتانەی بە خەڵکی دەدەن.

٦. شتانێك دەدات بە نەخۆشەکە وپێی ئەڵێ: لە گۆڕستان بیشارەوە .

٧. دەست دەخاتە سەر جەستەی ئافرەت بە بیانوی ئەوەی بۆ شیفایە

٨. لەگەڵ نەخۆشی ئافرەت تەنها دەکەوێت لە ژورێکدا و بێ باکە.







# چۆن بزانم سیحرم لێ کراوە

ئەو نیشانانەی کە سیحرلێکراوی پێ دەناسرێتەوە :

ئەم نیشانانە مەرج نیە لە هەر کەسێك هەبون ئیتر سیحر لێکراو بێت، مەرجیش نیە هەموی کۆ ببێتەوە لە سیحر لێکراودا.

١. شەوان کەم دەخەوێت ،و لەخەودا زۆر ڕادەچەڵەکێت ، خەوی ناخۆش دەبینێ و لەکاتی خەوتنەکەیدا عارەق زۆر دەکات .

٢. بینینی ئاژەڵان لە خەودا، وەك: پشیلە وسەگ وشتر ومار وشێر وڕێوی ومشك. بە تایبەتی ئەگەر لەلایەن ئافرەتانەوە بینرا ودو گیان بو ئەوە والله أعلم سیحری لێکراوە.

٣. بینینی شەوە لە خەودا، شەوەش ئەوەیە: شتێك دەبینێت لە خەودا نارەحەتی دەکات وئازاری دەدات وئەیەوێت هاوار بکات ناتوانێت.

٤. بەدەم خەوەوە زۆر پێدەکەنێ یان زۆر دەگرێ یان زۆر هاوار دەکات.

٥. لەخەودا دەبینێت کە لەناو گۆڕستان یان زبڵدان یان کەلاوە دایە.

٦. لە خەودا دەبینێت کە لە بەرزایی بەر دەبێتەوە.

٧. ڕێکردن بە دەم خەوەوە وهەستیشی پێ ناکات.

٨. لەخەودا کەسانێك دەبینێ شێوازیان ئاسایی نیە وزۆر نامۆیە، وەك ئەوەی ببینێ باڵایان زۆر بەرزە، یان باڵایان زۆر نزمە.

ئەمانە نیشانەکان بون لە خەودا بەڵام نیشانەکان لە کاتی بێداریدا:

١.سەری بە خێرایی وبە زۆری ژان دەکات، ئەمە ئەگەر بەهۆی شتی ترەوە نەبێت، وەك: دان ئێشە، چاوئێشە،، گوێ ئێشە، ئێش وئازاری گەدە...

٢. تەمبەڵ وتەوەزەلی لە بۆ پەرستش ویادی خوا.

٣.حەز نەکردن لە گوێ گرتن لە قورئان .

٤. بونی ئێش وئازارێك لە هەندێك لە ئەندامەکانی لاشەی.

٥. پەرکەم و لەهۆش چوون .

٦. لایەنی سیحر لێکراو ڕقی لە هەمو کارێکی بەرامبەرەکەی دەبێتەوە، تەنانەت ڕقی لەو شوێنەش دەبێتەوە کە لایەنی بەرامبەر تێیدا دادەنیشێت.

٧. مێردەکە کە لە ماڵ نیە ئافرەتەکە ئاساییە، بەڵام کە هاتەوە ئافرەتەکە نارِەحەت دەبێت. بە نیسبەت مێردەکەش بە هەمان شێوەیە ئەگەر سیحرەکە لەو کرابێت.

٨. لە کاتی جوتبوندا لایەنی سیحر لێکراوە بە بەردەوامی هەست بە نارِەحەتی دەکات.



## سیحری تێكدان وجیاكردنه‌وه

كه بریتیه له كردنی سیحر بۆ جیاكردنه‌وه یان ڕق وكینه خستنه نێوانیان:

وه‌ك ژن وپیاو ، یان كوڕ ودایك، یان كوڕ وباوك، یان برا وبرا، یان دو براده‌ر یان دو شه‌ریك،...هتد

### دیارده ونیشانه‌كانی ئه‌م سیحره:

١. هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ی له ناكاوی بارودۆخه‌كه له خۆشه‌ویستی وته‌باییه‌وه بۆ ڕق وناكۆكی ، و دروست بونی گومانی زۆر له نێوانیاندا.

٢. عوزر نه هێنانه‌وه بۆ یه‌كتر و گه‌وره كردنه‌وه‌ی شته بچوكه‌كان.

٣. هه‌ردولا وێنه‌ی یه‌كتر به ناشیرین دێته پێش چاویان، گه‌ر جوانترین ئافره‌ت وپیاوه‌كه‌ش جوانترین پیاو بێ به ناشیرین دێنه پێش چاوی یه‌كتر

٤. لایه‌نی سیحر لێكراو ڕقی له هه‌مو كارێكی به‌رامبه‌ره‌كه‌ی ده‌بێته‌وه.

٥. مێرده‌كه له ماڵ نیه ئافره‌ته‌كه ئاساییه، به‌ڵام كه هاته‌وه ئافره‌ته‌كه ناڕه‌حه‌ت ده‌بێ، وه مێرده‌كه‌ش به هه‌مان شێوه‌یه گه‌ر سیحره‌كه له‌و كرابێ

٦. له كاتی جوتبوندا لایه‌نی سیحر لێكراوه به به‌رده‌وامی هه‌ست به ناڕه‌حه‌تی ده‌كات.








## چارەسەری سیحر و جادوو

چارەسەر کردنی نوشتەی سیحری و جادوو دەبێت بە دوو بەشەوە:

### بەشی یەکەم: ئەو کردەوانەی کە پێش ڕودانی سیحر دەکرێت :

١ ـ ئەنجامدانی هەموو کردەوە فەرزکراوەکان و وازهێنان لە هەموو حەرامەکان و تەوبەیەکی ڕاستەقینە و پاك لە هەموو تاوانەکان.

٢ ـ زۆر خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بەتایبەت سورەتی (البقرة) لەماڵدا چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((اقرءوا سورة البقرة في بيوتكم فإنَّ الشيطان لا يدخل بيتاً يقرأ فيه سورة البقرة))[1] واتە: لە ناو ماڵەکانتاندا سورەتی ( البقرة) بخوێننەوە چونکە شەیتان ناچێتە ناو ماڵێکەوە کەوا سورەتی (البقرة)ی تێدا بخوێنرێت.

٣ ـ خۆ قایم کردن بە خوێندنەوەی دوعا و زیکرە شەرعیەکان، بە تایبەت ئەم زیکرانە:

- زیکری بەیانیان و ئێواران.
- زیکری دوای نوێژە فەرزەکان.
- زیکری پێش خەوتن و پاش لە خەو هەستان.
- زیکری لە ماڵ دەرچوون و هاتنە ژوورەوە بۆ ماڵ.

(١) [صحيح الـجامع الصغير]

ـ زیكری پێش جلوبەرگ داكەندن و پاش لەبەر كردنی.

ـ زیكری پێش چوونە سەر ئاو و پاش دەرچوونە دەرەوە لە سەر ئاو.

وە بۆ خۆپارێزی لە (سیحر و جادوو) دەبێت ئەم زیكرانە بخوێنیت :

ـ (بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم) سێ جار بەیانیان پێش خۆر كەوتن و ئێواران پێش خۆر ئاوا بوون.

ـ خوێندنەوەی (آية الكرسي) لە دوای هەموو نوێژە فەرزەكان و بەیانیان و ئێواران و لە پێش خەوتنیش.

ـ خوێندنەوەی هەر سێ سورەتی: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ) + (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ) + (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ ) سێ جار سێ جار بەیانیان و ئێواران و لە پێش خەوتنیش.

ـ خوێندنەوەی (لا إله إلا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير) هەموو ڕۆژێك (١٠٠) سەد جار.

وە بە تایبەت پێویستە كەوا كەمتەرخەم نەبیت لە زیكرەكانی پێش خەوتن وە بە تایبەت تریش (آية الكرسى) و (دوو ئایەتی كۆتایی سورەتی البقرة: آمن الرسول بـما أنزل إليه ) و هەر سێ سورەتی: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) + (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ) + (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ )

ئەگەر هەموو ئەم کارانەت ئەنجام دا لە گەل پشت بەستن بە خواوە ئەوا بە ویستی خوا پارێزراو دەبێت لە زیانی (سیحر و جادوو) و چاوی پیس.

ـ خواردنی (٧) دەنکە (خورمای عەجوە) لە بەیانیاندا، چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: هەر کەسێك بەیانیان (٧) حەوت (خورمای عەجوە) بخوات ئەوا لەو ڕۆژەدا نە ژەهر و نە سیحر زیانی پێ ناگەیەنێت.

هەروەها ئەم دوور کارەی خوارەوەش خۆپارێزیان پێ دەکرێت لە تووش بوون بە سیحر و چاوی پیس و جنۆکە:

١ـ نابێت بە هیچ شێوەیەك وێنەی گیان لەبەر لە ماڵتاندا هەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: بەڕاستی فریشتەکان ناچنە ناو ماڵێکەوە کەوا سەگ یان وێنەی تیا بێ.[1] جا ئەگەر بە هۆی وێنەوە فریشتەکان نەچنە ناو ماڵێکەوە ئەوا ئەو ماڵە دەبێتە جێگای شەیتان و جنۆکەکان.

٢ ـ نابێت بە هیچ شێوەیەك لە ماڵدا گۆرانی و مۆسقا لێبدرێت، چونکە گۆرانی و مۆسقا شەیتان و جنۆکەکان دڵ خۆش دەکات و هاندەریانە بۆ کاری خراپە و تاوان.

---

[1] [متفق علیه] .

## به‌شی دووه‌م: چاره‌سه‌ر کردنی سیحر و جادوو له‌ دوای ڕوودانی، ئه‌مه‌ش چه‌ند جۆرێکه:

یه‌كه‌م: ده‌رهێنانی ئه‌و شته‌ی كه‌ سیحره‌كه‌ی پێكراوه‌ و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر شوێنه‌كه‌ی زانرا به‌ ڕێگا دروسته‌كان.

دووه‌م: خوێندنه‌وه‌ی عیلاجی شه‌رعی به‌ سه‌ر تووشبووه‌كه‌دا، ئه‌مه‌ش ده‌بێت به‌ سێ جۆره‌وه:

أ / كوتانی (٧) حه‌وت گه‌ڵای سه‌وزی ته‌ڕی دار نه‌بك (سیدر) به‌ دوو به‌رد





ئه‌نجا ئه‌وه‌نده‌ ئاو بكرێت به‌ سه‌ریدا كه‌وا به‌شی خۆپێشۆردن بكات و ئه‌نجا ئه‌م ئایه‌تانه‌ بخوێنرێت به‌ سه‌ر ئه‌و ئاوه‌دا:

- (آية الكرسي) له‌گه‌ڵ سوره‌تی (الكافرون،الإخلاص ،الفلق ، الناس)

- ئایه‌تی (١١٧) بۆ( ١١٢) له‌ [سورة الأعراف] .

- ئایەتی (٧٩)بۆ(٨٢) لە سورەتی یونس

- ئایەتی (٦٥) بۆ (٧٠) لە سورەتی طه .

ب / ئەم ئایەتانە بخوێنەرەوە: (سورة الفاتحة)، (آية الكرسي)، (دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی البقرة: [آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ ] )، سێ جار سورەتی: [قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ] و سورەتی: [قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ] و سورەتی: [قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ] لە گەڵ فووپێداکردن و دەست هێنان بە سەر جێگای ئازارەکەدا بە دەستی ڕاست.

لەکۆتاییدا دەبێ ئەوەش بزانین کە دوعا کردن و پاڕانەوە لە خوای گەورە چەکێکی بەهێزە بە دەستی موسڵمانەوە بۆ خۆپاراستن لە شەڕ و خراپەی شەیتان و جنۆکەکان و ساحر و جادوگەرەکان ، بۆیە دەبێ موسڵمان بەردەوام لە دوعا و پاڕانەوەدا بێ بۆ ئەوەی خوای گەورە بیپارێزێ .

وصلى الله على محمد وعلى آله محمد

--------------------------------

سود وەرگیراوە لە کتێبی :

– قەڵای پارێزەر لە ساحر و جادوگەری مامۆستا علی خان

– بەتاڵکردنەوەی سحر و جادوو : مامۆستا محمد عبدالرحمن